www.kurdistannet.org
**بةكاتي ناوةندي ئةوروثا** 25-4-2005 22:24

# كةتؤم خؤشويست بووم بة هةلّؤ ... خالّةحةمة

(*) (*) (*) (*) (*) (*)
کەتۆم خۆشویست
بووم بەهەڵۆ
لەبەرزیەوە ئەمڕوانییە
ئەو شەقامەی بەیانیان زوو
نەرمە نازتی ئەبەخشیەوەو
بۆنی قژو سینەو مەمکی
پەخش ئەکردی..
ئەمڕوانییە هەرچواردەورت
چاوانی خۆت
چاوەکانی ئەملاو ئەولات
هەر چوارگۆشەی دەوری سەرت
نەکا داڵێ
بەلەنجەولارت مەست ببێ و
چنگی تیژی
نیگاکانت شپرزەکات
چاوی گێژی
هەنگاوەکانت تێکەڵ کات
ڕەوتی لێژی
خەندەی سەرلێوو ڕوخسارت بشێوێنێ..
کەتۆم خۆشویست
چوار وەرزی ساڵم کرد بەیەك
نەکا وەرزێ تورەبێت و
ڕێگەم نەدات
بەیانیان زوو وەکوو گزنگ
چاوبگێڕم بەسەر ڕێتا
خۆم بەختکەم
بۆ ئەو خاکەی پیرۆزەی کورد
لەژێر پێتا..

2005/4/25 دانمارك/ڤالبی/خاڵەحەمە